# ئافرەتان بەشداری راپەڕینیان کرد بۆ ئەوەی خۆیان و پیاوانیش ئازاد بکەن

هەتا بەر لە راپەڕینەکەی باشووری کوردستان کورد وەك نەتەوە و میللەت ژێردەست و خاك داگیرکراو بوون، سیاسەتی بەعسی رووخاو لە سەر بنەمای کوردقڕان داڕێژرابوو، هەر ئەوەش کوردانی تووشی هەزاران نەهامەتی و قوربانیدانێکی بەرفراوانی مرۆیی کرد، لەو دۆخەشدا ئەگەر مەینەتییەکانی ئافرەت لە پیاوانی کورد زیاتر نەبووبن، کەمتر نەبووە، بەڵام راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەو ستەمکارییەی رامالّی و لەو سەردەمەشدا ئافرەتی کورد نەك هەر هاندەری راپەڕینی جەماوەری بوون، بەڵکو شان بە شانی پیاوان لە هەڵمەتی رزگارکردنی شارەکاندا بەشدار بوون. گەرچی بەشداریکردن لە راپەڕین زیاتر مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری پێوە دیارە، لەوەی کە لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی توێژ و چینێکی کۆمەڵگە بێت، بەڵام بەشێك لە ئافرەتان پێیانوایە لە پاش ئەو هەموو قوربانیدانەیان لە خەباتی شاخ و شاردا، دەستکەوتێکی ئەوتۆیان وەك ئافرەت لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا نەبووە و رایانوایە لەو بوارەدا پەراوێز خراون. بەشداربووانی ئەم راپۆرتە را و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«هەمــوو شۆڕشــەکانی کــورد لــە دژی کۆیلایەتــی و داگیــرکاری و ژێردەســتەکردن بووە، بــە درێژایی مێژووی داگیــرکاری خاکــی کوردســتانیش نەتەوەکەمــان قوربانــی داوە و ئافرەتانیش شــان بە شــانی پیاوان خەباتیان کردووە، زیندانــی کــراون و ئەشــکەنجە دراون و توندوتیژییــان بەرامبــەر کراوە، تەنانــەت ژمارەیەکی زۆریان گیانیان لەو پێناوەدا بەخت کردووە.» ئەوە دەســتپێکی قســەکانی ئاواز محەمەد عەلی، بەرپرســی ڕێکخراوی ئامێز بۆ گەشەدان بــە تواناکانی کچــان بــوو. ئــەو خاتوونــە کــە هــاوکات دامەزرێنــەری -پەیمانــگای میللیی ئامێز بۆ ئافرەتان لە هەڵەبجە- یە، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان جەخت لــەوە دەکاتــەوە کــە «ئافرەتــان لە کاتی شۆڕشــی شــاخدا ڕۆڵــی گرنگیــان هەبــووە و شــان بە شــانی پیــاوان هەموو پێکــەوە خەباتیــان کــردووە و بــە ڕاپەڕینیــش هەوڵیــان داوە دوژمنێــك لــە نــاو ببەن، کــە دوژمنــی مرۆڤایەتی بوو»، گوتیشــی: «گەرچــی ئێســتا وەك کــورد لــە باشــووری کوردســتان ئازادیــن و لــەو دوژمنــە ســتەمکارەی بەعــس ڕزگارمان بووە، بەڵام وەك ئافرەت ئازادییەکانی دەستەبەر نەکــراون و بەداخــەوە نــەك پێگــەی خۆیانیان پــێ نەداون، بەڵکــوو وەك کاڵا ســەیر کراون و ڕۆژانــەش توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، بۆیە زۆر گرنگە بۆ گۆڕینی ئەو ئەقڵییەتەی پیاو و کۆمەڵگە بەگشــتی بەرامبەر بە ئافرەتان هەوڵی جددی و بێوچان بدەین.»



دکتــۆر عومــەر حەمەدئەمیــن نوورەدینــی - دکتــۆرا لە زانســتە سیاســییەکان، کــە ئێســتا یاریــدەدەری ســەرۆکی زانکــۆی لوبنانی فەرەنســی-یە لە بەشــی دیپلۆماســیەت و پێوەندییەکانــی نێودەوڵەتــی وانە دەڵێتــەوە، ڕایوایە «ئەو خەبات و بەشداری و قوربانییەی ئافرەتی کورد لە شۆڕش و ڕاپەڕیندا هەر بۆ ئازادی پیاو نەبووە، بەڵکو بۆ ئازادی گــەل بــووە بە پیــاو و ئافرەتەوە، وەك چۆن قوربانی پیاوی کورد لە شــۆڕش و ڕاپەڕیندا هەر بۆ خۆی نەبووە، بەڵکو بــۆ گەلــی کوردســتان بــووە، بــەڵام ڕزگاربوونــی گــەل و نیشــتمان لە دەســەڵاتی داگیرکاری، مانای ئەوە نییە کە ئافرەتانی گەلەکەمان بە تەواوی و بە هەموو مافەکانیان شــاد دەبنەوە. بۆیە لەو بوارەدا پێویســتمان بە بەردەوامیی خەباتی مەدەنییانە و یاسایییانە و دیموکراسییانە هەیە و بەو جــۆرەش دەتوانیــن ژنی کورد لە ژێردەســتەیی عەقڵییەتی پیاوســالاری و نەریتی چەقبەستووی کۆمەڵایەتی و هزر و بــاوەڕی کۆنەپەرســتانە و پــەت و زنجیــری کۆنەخوازی ڕزگار بکەیــن. ئەمــەش بــە پلــەی یــەك دەبێت ئافرەتــان خۆیــان خەبــات و کۆششــی بــۆ بکەن، لــەم خەباتەشــیاندا پشــتیوانی پیاوانــی پێشــکەوتووخواز و بــڕوادار بــە مافــە ڕەواکانــی ئافرەتان زۆر گرنــگ و کاریگەرە،چونکە بزاڤی فیمینیســتی کوردســتان ئەگەر بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە پێیوابێــت وەدیهاتنی مافــی ژن لە ڕێگەی دژایەتیکردنی پیاوەوە دێتەدی، ئەوە بەهەڵەدا چووە و تووشی ئاستەنگی گــەورە دەبێــت، بۆیــە ڕێگــە دروســتەکە ئەوەیە کــە دەبێت ڕەوتی بە دەســتووری و یاسایــیکردنی مافەکانی ئافرەتان بــەردەوام بێــت. هەروەهــا لــە ڕێگەی پــەروەردە و خوێندنی بــاڵاوە نــەوەی نوێ بە ڕەوایەتــی ئەو مافانە گۆش بکرێن و هەڵمەتــی هۆشــیاریی کۆمەڵگە بــەردەوام بێت، هاوکات خەباتی مەدەنــی کە ئافرەتان خۆیان تیایدا هەڵســووڕاو و چالاك بن، زۆر گرنگ دەبێت. بۆیە پێویســتە حاڵەتێکی وا بخوڵقێندرێت کە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتــان و ڕەخســاندنی هەلــی یەکســان لەگــەڵ پیاوان بۆ بەشــدارییان لــە کایە سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابووری و کەلتــووری و مەدەنییەکان و بەتایبەتیش بەشــدارییان لە دەسەڵاتی سیاسیدا».

دکتۆر عومەر لە کۆتایی قســەکانیدا پێداگری لە ســەر ئــەوە دەکات کە ئەو بیرۆکەیەی فۆکۆیاما-ی بیرمەند بۆ «مێینەکردنــی سیاســەت» پێویســتە پراکتیکــی بکرێت و جێی دروشم و گوتاری بێ کردار بگرێتەوە.

ژیان عومــەر ئەندامــی پەرلەمــان لــە خولــی پێشــووی پەرلەمانی کوردســتان، ســەبارەت بە ڕۆڵــی ئافرەتی کورد لە ڕاپەڕین و شۆڕشــەکاندا دەڵێت: «لە ڕاســتیدا ئافرەتی کــورد نەك هەر بەشــداری لە ڕاپەڕین کــردووە، بەڵکو هەر لــە منداڵدانی دایکیــدا پشــکی شــێری لــە نەهامەتــی و قوربانیــدان بەرکەوتــووە. لە هەموو ئــەو مەینەتییانەی کە بەر گەلەکەمان کەوتووە، ئافرەتان زیاتر تووشــی سەدمە و بارگرانیــی ئەرکــی ژیان بــوون، نموونەی ئەو دایکانە کەم نین کە هاوسەریان لەدەست داوە و سەرپەرشتی خێزانەکەیان لــە ئەســتۆ گرتــووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا لە خەباتی شــاخ و

**بەداخەوە ئەو ئافرەتەی کە کۆیلایەتی پێ هەرس ناکرێت، یان بیەوێ خاوەنی بڕیاری خۆی بێت و نەهێڵێت پیاو پشتی بێت، بایکۆت دەکرێت و دەبێ لە زیندانی چواردیواری ماڵی خۆی بێت**

**ڕزگاربوونی گەل و نیشتمان لە دەسەڵاتی داگیرکاری، مانای ئەوە نییە کە ئافرەتانی گەلەکەمان بە تەواوی و بە هەموو مافەکانیان شاد دەبنەوە. بۆیە لەو بوارەدا پێویستمان بە بەردەوامیی خەباتی مەدەنییانە و یاسایییانە و دیموکراسییانە هەیە و بەو جۆرەش دەتوانین ژنی کورد لە ژێردەستەیی عەقڵییەتی پیاوسالاری و نەریتی چەقبەستووی کۆمەڵایەتی و هزر و باوەڕی کۆنەپەرستانە و پەت و زنجیری کۆنەخوازی ڕزگار بکەین**





**لە هەموو ئەو مەینەتییانەی کە بەر گەلەکەمان کەوتووە، ئافرەتان زیاتر تووشی سەدمە و بارگرانیی ئەرکی ژیان بوون، نموونەی ئەو دایکانە کەم نین کە هاوسەریان لەدەست داوە و سەرپەرشتی خێزانەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە خەباتی شاخ و شار ئافرەتان بەشداری کارایان بووە**

**گەرچی ئێستا وەک کورد لە باشووری کوردستان ئازادین و لەو دوژمنە ستەمکارەی بەعس رزگارمان بووە، بەڵام وەک ئافرەت ئازادییەکانی دەستەبەر نەکراون و بەداخەوە نەک پێگەی خۆیانیان پێ نەداون، بەڵکوو وەک کاڵا سەیر کراون و ڕۆژانەش توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ**

**بزاڤی فیمینیستی کوردستان ئەگەر بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە پێیوابێت وەدیهاتنی مافی ژن لە ڕێگەی دژایەتیکردنی پیاوەوە دێتەدی، ئەوە بەهەڵدا چووە و تووشی ئاستەنگی گەورە دەبیت، بۆیە ڕێگە دروستەکە ئەوەیە کە دەبێت ڕەوتی بە دەستووری و یاساییکردنی مافەکانی ئافرەتان بەردەوام بێت. هەروەها لە ڕێگەی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە نەوەی نوێ بە ڕەوایەتی ئەو مافانە گۆش بکرێن**

شـار ئافرەتان بەشـداری کارایان بووە، بەشداری سەرەکیی ڕاپەڕینیـش بوون، سـوپاس بۆخـوا دیکۆمێنتەکانمان ماوە، دەبـێ سوپاسـی تەکنەلۆجیـا و ڕاگەیاندن بکەین بە بینراو و بیسـتراو و نووسـراوەوە کـە ڕۆڵـی ئافرەتیان لـەو بوارەدا نیشان داوە».

ژیـان عومـەر لـە درێـژەی قسـەکانیدا پرسـیارێکی بـۆ دروسـت دەبێـت و دەپرسـێت: «ئافـرەت بەشـداری کارای لـە ڕاپەڕینـدا کـرد، بـەڵام ئایـا ڕاپەڕین چی بـۆ ئافرەت کرد؟» لە وەڵامی پرسیارەکەشـیدا دەڵێت: «بەداخەوە ئەو ئافرەتـەی کـە کۆیلایەتی پێ هـەرس ناکرێت، یان بیەوێ خاوەنـی بڕیـاری خـۆی بێت و نەهێڵێت پیاو پشـتی بێت، بایکـۆت دەکرێـت و دەبێ لە زیندانـی چواردیواری ماڵی خۆی بێت.» گوتیشـی: «هەموومـان دەزانین ئافرەتانی بوێـر و خـاوەن هەڵوێسـت و چاونەترسـی کوردسـتان چۆن لـە هەڵمەتی ڕاپەڕین بەشـدار بـوون، بەڵام دوای ڕزگاری و هەتـا ئێسـتاش ئـەوە هـەر پیاوانن کە خۆیـان بە خاوەنی هەموو بڕیارەکان دەزانن و ئافرەت پەراوێز دەخەن. بەداخەوە زۆر جـار هەنـدێ ئافـرەت خـۆی کۆیلایەتی پـێ قبووڵ دەکرێت و هەندێك پیاویش سوود لەوە وەردەگرن، بۆ نموونە ئێمـە لـە پەرلەمانی کوردسـتان کـە بەرهەمـی ڕاپەڕین و خوێنـی هەزاران شـەهیدە دیـاردەی (فرەژنی)مان قەدەغە کـرد، کەچـی زۆر لە گەورە بەرپرسـانی ئێمە ئەو یاسـایە دەشکێنن و لە دەرەوەی هەرێم هاوسـەرگیری دووەم دەکەن، ئـەو ئافرەتـەش کـە بـەوە ڕازی دەبێـت، پێگـەی ئافـرەت لاواز دەکات و دەیشـکێنێتەوە. بەداخـەوە ژمارەی ئەوانەش کـەم نیـن، بۆیـە دەبینیـن زۆر جـار ئافرەت هەیـە خاوەنی پلـەی حزبـی و حکوومییـە و لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکـی لاوەکی هاوسـەرگیری لەگەڵ پیاوێکی هاسەردار دەکات، کـە خـۆی و ژنەکەی دیکەشـی دەکات بـە کۆیلە و جگە لـەوەش هیـچ مانایەکـی دیکـەی نییـە»، ئەوەشـی بـۆ بەبیرهاتنەوە باسـکرد کە «سـەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کرد هیچ ئافرەتێك



هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێك نەكات كە هاوسەری هەبێت، گوتیشی: «دیارە دەبێ ئەو هەڵوێستە جوانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرز بنرخێنین كە سەرەڕای ئەو هەموو ئەرك و ماندووبوونەی مافە رەواكانی ئێمەی ئافرەتی لە بیرە و پشتیوانیی لێدەكات».

ڕۆژنامەنووس و توێژەری كۆمەڵایەتی لەتیف حوسین، كە بەشداربوویەكی دیكەی ئەم ڕاپۆرتەیە، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە «لە پێش ڕاپەڕین و لە سەردەمی بەعسی رووخاودا، ژن و پیاو وەك یەك ژێردەستە و چەوساوەی دەستی بەعسی بوون. بەعسییە فاشییەكان جیاوازییان نەدەكرد و پێكەوە ژن و پیاو و كچ و كوڕی كوردیان قەتڵوعام دەكرد، هەر بۆیە كە ڕاپەڕینیش كرا، خەڵك بە ژن و پیاوەوە لەو دەسەڵاتە ستەمكارە ڕاپەڕین، بۆ ئەوەی لە ژێردەستی و چەوسانەوەو زوڵم و زۆری بەعس رزگاریان ببێت، لە ڕاپەڕینیشدا جیاوازی نەبوو هەر دوورەگەز بۆ ئەوە خەباتیان كرد كە پێكەوە ژیانێكی شایستە بۆ خۆیان فەراهەم بكەن.» گوتیشی: «ئەگەرچی ژنان توانییان بەشداری كارایان هەبێت لە خەباتی شاخ و دواتریش لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵی كاریگەریان شان بەشانی پیاوان هەبوو، بەڵام هێشتا ئامانجەكانی خۆیان لە ئامانجەكانی دیكە جیا نەكردۆتەوە و تا ئێستاش هەوڵی جددی بۆ دەدەن، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ باشتركردنی پێگەی ژنان لە كایە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان و دەستەبەركردنی ئەو یاسایانەی پێوەندییان بە ژیانی ئەوانەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو كلتوورەی كە پێیوایە ژنان كۆیلە و خزمەتكارن و پیاوانیش سەردەستە و خزمەت پێكراو. بەگشتی من پێموانییە بەشداری ژنان لە ڕاپەڕیندا بۆ ئەوە بووبێت پیاو رزگاری بێت و ژنانیش بە كۆیلەیی بمێننەوە، چونكە وەك ئاماژەم پێكرد ئامانجی خەڵكی كوردستان بە ژن و بە پیاوەوە ئەوە نەبووە، ئەوان پێكەوە شۆڕشیان كرد و پێكەوە ڕاپەڕینیان كرد، چونكە كۆیلایەتی و ژێردەستەییان رەتكردەوە.

**بەعسییە فاشییەكان جیاوازییان نەدەكرد و پێكەوە ژن و پیاو و كچ و كوڕی كوردیان قەتڵوعام دەكرد، هەر بۆیە كە ڕاپەڕینیش كرا، خەڵك بە ژن و پیاوەوە لەو دەسەڵاتە ستەمكارە ڕاپەڕین**

**ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان كە بەرهەمی ڕاپەڕین و خوێنی هەزاران شەهیدە دیاردەی (فرەژنی)مان قەدەغە كرد، كەچی زۆر لە گەورە بەرپرسانی ئێمە ئەو یاسایە دەشكێنن و لە دەرەوەی هەرێم هاوسەرگیری دووەم دەكەن، ئەو ئافرەتەش كە بەوە رازی دەبێت، پێگەی ئافرەت لاواز دەكات و دەیشكێنێتەوە**

**هەمووومان دەزانین ئافرەتانی بوێر و خاوەن هەڵوێست و چاونەترسی كوردستان چۆن لە هەڵمەتی ڕاپەڕین بەشدار بوون، بەڵام دوای رزگاری و هەتا ئێستاش ئەوە هەر پیاوانن كە خۆیان بە خاوەنی هەموو بڕیارەكان دەزانن و ئافرەت پەراوێز دەخەن**

ئیراد منوچر سان ئەحمەد
پسپۆڕی بایلۆجی بۆ گوڵان:

# جینۆسایدی هەڵەبجە و شنگال ناسنامەی گەلێکی ستەمدیدەن کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆوە ئەم تاوانانەی دەرهەق کراوە



کیمیاباران و دەرهاویشتەکانی لەسەر خەڵکی هەڵەبجە بەدواداچوونی زۆری گەرەکە، لە بەر ئەوەی قوربانییانی ئەو تاوانە کارەساتبارە تا ئێستاش بە دەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کاریگەری چەکە کیمیاییەکانەوە دەناڵێنن. ئیراد منوچر سان ئەحمەد پسپۆڕی بایلۆجی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پارێزگای هەڵەبجە، لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ گوڵان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو توێژینەوانەی تا ئێستا لە سەر هەڵەبجە کراون، لە ئاستی پێویستدا نین و نەیانتوانیوە دڵنیایی تەواو بە دانیشتووانی پارێزگاکە بدەن، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە پارێزگای هەڵەبجە نەیتوانیوە ئامارێکی دروست لە سەر ژمارەی برینداربووان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بخاتەڕوو، ئەوەش بە «کەمتەرخەمییەکی دیکە» هەژمار دەکات کە بەرامبەر بە برینداربووانی چەکی کیمیایی لەو پارێزگایەدا کراوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** قوربانییانی هەڵەبجە لە دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک هێشتا ئاسەواری ئەو کیمیابارانەیان لەسەر ماوە، ئێوە کارێکی زۆرتان لەسەر کەیسی قوربانییانی هەڵەبجە کردووە، ئایا تاچەند دەرهاویشتەکانی ئەو کارەساتە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە ماوە؟**

- ڕووبەڕووبوونەوەی بەرفراوانی دانیشتووانی کورد لە عێراق و باشووری کوردستان لە سەدەی بیستەمی رابردوودا بە چەکە کیمیاوییەکانی وەک: (گازی خەردەل، گازی سیانید و گازە دەمارییەکان) بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەهیدبوونی هاونیشتمانییانی کورد و بریندار بوونی جەستەیی و دواتر بەجێهێشتنی کاریگەرییە لاوەکییەکان لەسەر بەرکەوتووانی ئەم چەکانە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش بریندارەکان بەدەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کاریگەری ئەو چەکە کیمیاییانەوە دەناڵێنن. بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان نزیکەی ٢.٩٪ی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان بەر چەکە کیمیاییەکان کەوتوون. تراژیدیای ئەم مەرگەساتە هەردەم وەک دیۆزمەیەک خۆی نیشانی دانیشتووانی هەڵەبجە دەدات، تا ئێستاش بریندارانی و بەرکەوتەکانی ئەو کیمیابارانە بە دەست نەخۆشی درێژخایەنەوە دەناڵێنن کە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات، پاشماوەی ئەو خانووانە، یان ئەو ماڵانەی کە تا ئێستا ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەوەش کێشە و گرفتی خۆی هەیە و لەلایەکی دیکەوەش گەڕانەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و دڵەڕاوکێ و حەسرەتی ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان ون بوون، بەردەوام پەیامی نەرێنی دەدەنە هەڵەبجەییەکان و کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەمەوە هاتنی قوربانییان و بریندارەکان بارگرانی زۆری لە رووی دەروونییەوە لەسەر ئەو شارە بەجێهێشتووە.

*** ئێوە زیاتر کارتان لەسەر ئاسەواری کیمیاباران لەسەر ئافرەتانی بەرکەوتووی ئەو کارەساتە کردووە، ئایا ئەو نەخۆشییانە چین کە بەهۆی ئەو کیمیابارانەوە ئافرەتانی هەڵەبجە تووشی بوون؟**

- پشکی گەورە لە نەهامەتییەکانی چەکە کیمیاییەکان لەسەر دانیشتووانی هەڵەبجە بەر ژنان کەوتووە، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو بریندارانە باری ئابوورییان لاوازە و خاوەن داهاتی خۆیان نین، بەردەوام ڕۆژانە بڕێکی زۆر لە دەرمان و چارەسەر وەردەگرن، زۆرێک لە دەرمانەکانیش لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکڕن، ئەو نەخۆشییانەی کە لە ژنانی بەرکەوتە بەم چەکانە و کاریگەری لەسەریان بەجێهێشتووە، ناڵاندنیانە بەدەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک کۆئەندامی هەناسە، بینین و پێست، هەروەها لە میانەی ئەو توێژینەوەی کە ساڵی ٢٠١٥ لە سەر ژنانی بەرکەوتەی چەکە کیمیاییەکان ئەنجامان دا، دەرکەوتووە دوای زیاتر لە ٢٦ ساڵ لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە زۆرێک لە ژنە بریندار بووەکان تووشی گرفتی لە بارچوونی منداڵ بوون، هەندێکیان بەهۆی بوونی گرفت لە کۆئەندامی هەناسە وەک بوونی نەخۆشی کۆکەی درێژخایەن، هەندێکی دیکەشیان هۆکارەکەی نەزانراو بووە کە پێویستی بە پشکنینی پزیشکی پێشکەوتوو هەیە بۆ زانینی هۆکارەکانی، بە جۆرێک ئەو ژنانە زیاتر لە یەک منداڵ و دووان و سیانیان لە بارچووە، هەروەها ڕێژەیەکی دیکەیان خاوەن منداڵی کەمتوانان کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەم ژنانە تووشی زیانگەیاندن بە سیستەمی وەچەخستنەوە بوون، چونکە لە رووی زانستییەوە گازە ژەهراوییەکان بەتایبەتی گازی خەردل کە بە ڕێژەیکی زۆر بەکارهاتووە لەو شارەدا، تونای زیانگەیاندنی جینی هەیە، کە ئەویش ڕوودانی بازدانە Mutationدەبێتەهۆی لەدایکبوونی منداڵی پشێوی زگماکییەکان و ئەگەری تووشبوون بە نەزۆکی هەیە لەو ژنانەی کە بەری دەکەون، ئەمەش بەپێی ئەو دۆزەی بەری دەکەوێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت.

*** هەندێک لەو ئاسەوارانە درێژخایەنن و کاریگەری لە سەر کۆرپەلە (جنین) دەبێت، ئایا تاچەند ماکی ئەم نەخۆشییە رەنگدانەوەی لەسەر نەوەکانی داهاتوو دەبێت، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە دایکیان، یان داپیرەیان بەرکەوتووی ئەو کیمیابارانەن؟**

- بۆ زانینی کاریگەری جینیی ئەم چەکانە لەسەر نەوەکانی ئایندە پێویستە پشکنینی تایبەت بە جینی لە هەڵەبجە ئەنجام بدرێت، چونکە بەپێی توێژینەوەکان چەکی کیمیایی کاریگەری لە وەچەکانی ئایندە هەیە، بەڵام تا ئێستا نازانرێت ئایا ئاسەواری بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان تا چەند ماوە و کاریگەرییەکەی تا چەند وەچە بەردەوام دەبێت، ئەمەش وەک ئاماژەمان پێکرد، دەبێت کاری زیاتری لەسەر بکرێت. تا ئێستا تەنیا یەک توێژینەوەی زانستیی دانپێدانراو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن زانکۆی لیڤەرپول و لەلایەن ژنە پرۆفیسۆری بۆماوەزانی کریستین گویسدین ئەنجام دراوە، ئەمەش ئەرکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و پسپۆڕانی ئەو بوارەیە کە توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن و چاوەڕوانی زانکۆ بیانییەکان نەبین. بەڵام دەکرێت ڕاوێژیان پێبکرێت و سوودیان لێوەربگرن.

*** ئەو خانمانەی بەر کیمیابارانی هەڵەبجە کەوتوون، پێویستیان بە هاوکاری و چاودێری تایبەتی هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی بۆ دابینکردن و لیژنەی چاودێری بۆ داناون. ئایا تاچەند ئەم مووچە و چاودێرییە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو خەڵکە بەرکەتووە سوودی لێوەربگرن؟**

- ئەو خانمانەی کە بریندارن لە هەڵەبجە هەندێکیان تا ئێستاش ئەوە مافەیان وەرنەگرتووە، لە بەر ئەوەی هەندێک لە بریندارەکان بە شێوەیەکی گشتی دوای هێرشەکەی ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر شاری هەڵەبجە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، دوای گەڕانەوەی ئەم خێزانانە لیژنەکانی دەستنیشانکردنی بریندار بووانی کیمیایی دەرفەتیان پێنەداون بۆ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێت، ڕێژەیەکی زۆریش لەو بریندار بووانە ژنانن، ئەو ژنە بریندار بووانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچە وەردەگرن، نادادپەروەری لە مووچەکەیان هەیە، چونکە ڕەچاوی ڕێژەی برینداریيان نەکراوە، واتە هەندێک لە بریندارەکان ڕێژەی بەرکەوتنیان بە چەکەکان زۆرترە و لەسەر جەستەیان کاریگەری زۆری

ئەو دۆخەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، بەتایبەتی ئەو ململانێیە ئاڵۆزەی سیاسییەکان بە هۆی نەبوونی ئەو پەیامە ئاشتیخوازییەی ئافرەت و غیابی ژنانە کە گوێ لە بیروڕاکانیان ناگیرێت، چونکە ژنان زۆر باشتر دەزانن باجی شەڕەکان و جەنگەکان چەندە قورس لە سەریان دەکەوێت

پێویستە پشکنینی تایبەت بە جینی لە هەڵەبجە ئەنجام بدرێت، چونکە بەپێی توێژینەوەکان چەکی کیمیایی کاریگەری لە وەچەکانی ئایندە هەیە

لەم دۆخەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم قەیرانی ئابوورییەدا کە زۆر بارگرانییە بۆ بەڕێکردنی ژیانی خەڵکی ئاسایی، بۆیە بریندارانی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ناچارن چارەسەر وەربگرن، لە دۆخێکی مەترسیداردا ژیان بەسەر دەبەن

هەبووە، بە جۆرێک تووشی چەندها نەخۆشی درێژخایەن وەک کێشەی هەناسە و نەخۆشی بینین و شێواندنی پێست بوون، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە ڕێژەی برینەکانیان زۆرە و مووچەکانیان لە ئاست دابینکردنی چارەسەرەکان نییە، چونکە چارەسەرەکانیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکرن. لەم دۆخەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم قەیرانی ئابوورییەدا کە زۆر بارگرانییە بۆ بەڕێکردنی ژیانی خەڵکی ئاسایی، بۆیە بریندارانی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ناچارن چارەسەر وەربگرن، لە دۆخێکی مەترسیداردا ژیان بەسەر دەبەن. لەبەر ئەوەی بەئاسانی ناتوانن چارەسەرکانیان دەست بکەوێت و باری ئابوورییان زۆرتر لاوازە، هەروەها چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بریندار‌بووان تا ئێستا بوونی نییە، ژمارەیەک لە بریندار‌بووان بەتایبەتی ژنان دووچاری جیابوونەوە هاتوون و تووشی نائومێدی بوون لە ژیان، بە هۆی سەختی برینەکانیان ناتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێبکەن. بۆ نموونە هەندێکیان بیناییان لە دەست داوە، یان نەشتەرگەری قورسیان بۆ ئەنجام دراوە و پێویستیان بە چاودێریکردن هەیە، لە کاتێکدا ئەم ژنانە بە تەنیا ژیان بەسەر دەبەن. زۆربەشیان ناتوانن بە ڕاشکاوی باسی گرفتەکانیان بکەن، چونکە لیژنەی تایبەت بەو بوارە نییە و بوونی سەنتەرەکانی پێدانی دڵنیایی بۆ ژنان لە ئێستا لە هەڵەبجە دەتوانین بڵێین نییە، یان ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە و ناتوانێت بگاتە ژنان.

*** وەک باست کرد زۆر جار ژنان لە کاتی خۆیدا دەرهاویشتەی ئەو نەخۆشییە باس ناکەن، لەوانەیە ئەمە جۆرێک لە شەرمکردن، یان هەست بە کەمیکردن بێت، ئایا تا چەند توانراوە لیژنەیەکی پسپۆڕ دابین بکەن، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو خانمانە قسە بکەن و ئەوانیش بە ڕاشکاوی قسەی خۆیان بکەن؟**

-لیژنەی پسپۆڕ بۆ پێدانی دڵنیایی و هاوکاری بۆ ژنانی هەڵەبجە دابین نەکراوە، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە و بریندار‌بووەکان ناتوانن بە ئازادانە باسی گرفتە تەندروستییەکانی خۆیان بکەن. هەندێک لە ژنە بریندار‌بووەکان لەبەر شەرمکردن لە لیژنەکانی پزیشکی بەتایبەتی ئەو لیژنانەی کە ڕەگەزی مێی تێدا نییە، جەستەی خۆیان نیشان نادەن بۆ دەرخستنی ئاسەواری بریندار‌بوونەکەیان، بۆیە گرنگە لە کاتی دانانی لیژنەکان ڕەچاوی دانانی ڕەگەزی مێ بکرێت، چونکە کۆنتاکتی ئاسان و زۆرترە لە گەڵ بریندار‌بووانی ژن. بەداخەوە تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە پارێزگای هەڵەبجە نەیتوانیوە ئامارێکی دروست لە سەر ژمارەی بریندار‌بووان بخاتەڕوو، ئەمەش کەمتەرخەمییەکی دیکەیە کە بەرامبەر بە بریندابووانی چەکی کیمیایی لەو شارەدا کراوە.

*** کیمیابارانی هەڵەبجە، کارەساتێکی مرۆیی جیهانییە، بۆیە گرنگە ئەم کەیسە وەک کەیسێکی جیهانی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بەردەوام هاوکاری بکرێت، ئایا تا ئێستا چەند ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بەردەوام هاوکاری بەرکەوتووانی کیمیایی هەڵەبجەی کردووە و بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە لە دەرەوەی وڵات، چی کراوە؟**

- تا ئێستا هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە فەرمی چارەسەرکردنی بریندار‌بووانی نەگرتۆتە ئەستۆ، ئەو چارەسەرکردنەی بریندار‌بووانیش کە سەرەڕای کەموکورتییەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە وڵاتی ئێران دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی دەگرێت.

*** جۆری ئەو گازەی لە کیمیابارانی هەڵەبجە بەکارهاتووە، وەک دەڵێن یەکێکە لە خراپترینی ئەو گازانەی کە ئاسەواری درێژخایەن بەجێدەهێڵێت، ئەمەش نەک هەر لەسەر بەرکەتووان، بەڵکو لەسەر خاکەکەشی، ئایا تا چەند توێژینەوە لەسەر ئاسەواری ئەو ئەو گازە کراوە لە هەموو ڕوویەکەوە و تاچەند توانراوە ئاسەوارەکانی لەسەر ژینگە و مرۆڤە بەرکەوتووەکان مەزندەبکرێت؟**

- جۆری ئەو چەکە کیمیاییانەی کە لە پارێزگای هەڵەبجە بەکارهاتووە، گازەکانی خەردل و ڤی ئێکس و تابوون و سارین بووە کە بە گازی دەماری ناودەبرێن و لە کاتی بەکارهێنانی ئەو چەکانەدا ئەو ناوچەیە تووشی تێکچوونی سیستەمی ژینگە بووە، چونکە زۆرێک لە شیردەرەکان لەو ناوچەیە بە هۆی بەرکەوتنیان ڕاستەوخۆ بە گازە ژەهراوییەکان لەناوچوون، بەوەش هەڵەبجە جگە لەوەی سەروەتی مرۆیی لە دەستدا، ژینگەی ئەو ناوچەیەش تووشی زیان بوو. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە لە بۆردوومانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ وەسفی ئەو تاوانەی کردووە، وێنای ئەوەی کردووە کە زیندەوەرانی ئەو ناوچەیە تووشی چ خەسارێک بوون. زۆربەی ئەو چەکانەی لە هەڵەبجەدا بەکارهاتوون، توانای شیبوونەوەی ئاویان هەیە، سەرەڕای ئەوەی بوونی ترش و تفتێتی خاک کە زیانی بۆ زیندەوەران و مرۆڤیش هەیە، بۆیە پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو توێژینەوانەی کە تا ئێستا کراوە لە سەر هەڵەبجە، لە ئاستی پێویستدا نییە و نەیتوانیوە دڵنیایی تەواو بە دانیشتووانی پارێزگاکە بدات.

*** بەشی زۆری ئەو گازەی بەکارهاتووە، بێگومان لەلایەن کۆمپانیا دەرەکییەکانەوە نێردراوە بۆ ڕژێمی پێشووی عێراق، ئێمە دەزانین هەندێک سکاڵا لەسەر ئەو کۆمپانییانە تۆمارکراون، ئایا تاچەند سزای ماددی دراون بۆ ئەوەی بۆ چارەسەری هەڵەبجە سوودی لێوەربگیرێت؟**


- زۆر بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کورستان نەیتوانیوە دەستنیشانی ئەو کۆمپانییانە بکات کە لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی دەستیان هەبووە و بە ڕژێمی پێشووی عێراقیان فرۆشتووە، بۆ ئەوەی قەرەبووی هەڵەبجە و بریندار‌بووەکانی پێ بکاتەوە. هیچ کۆمپانیایەکیش لە سەر فرۆشتنی چەکە کیمیاییەکان بە عێراق سزا نەدراوە، تەنیا لە ئاستی تاکەکەسی ئەو کارە ئەنجامدراوە، ئەویش بازرگانی هۆڵەندی (فرانس ڤان ئانرات) بوو کە دادگای لاهای سزای ١٧ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان هاتووە و لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکراوەتەوە، ٪٧٠ی

**ئەو ژنە بریندار‌بووانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچە وەردەگرن، نادادپەروەری لە مووچەکەیان هەیە، چونکە ڕەچاوی ڕێژەی برینداریيان نەکراوە، واتە هەندێک لە بریندارەکان ڕێژەی بەرکەوتنیان بە چەکەکان زۆرترە و لەسەر جەستەیان کاریگەری زۆری هەبووە**

**چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بریندار‌بووان تا ئێستا بوونی نییە، ژمارەیەک لە بریندار‌بووان بەتایبەتی ژنان دووچاری جیابوونەوە هاتوون و تووشی نائومێدی بوون لە ژیان، بە هۆی سەختی برینەکانیان ناتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێبکەن**

**تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کورستان نەیتوانیوە دەستنیشانی ئەو کۆمپانییانە بکات کە لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی دەستیان هەبووە و بە ڕژێمی پێشووی عێراقیان فرۆشتووە، بۆ ئەوەی قەرەبووی هەڵەبجە و بریندار‌بووەکانی پێ بکاتەوە**



مادده کیمیاییەکانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی عێراق لەلایەن دوو کۆمپانیایی زەبەلاحی ئەڵمانی -کۆمپانیای کارلکۆلب (CARL KOLB COMPANY) و کۆمپانیای پیلۆت پلانت (PILOT PLANT )- دابینکراون، بەڵام تائێستا دادگاییکردنی بۆ ئەم جۆرە کۆمپانییانە ئەنجام نەدراوە، هەرچەندە ئێستا پارێزەرێکی نێودەوڵەتی بە ناوی گاڤێر ماریۆن وەک پارێزەرێک بۆ دۆسیەی هەڵەبجە کاردەکات بۆ بە دادگایکردنی ئەو کۆمپانییانەی تێوەگلاون بە بازرگانیکردنی چەکە کیمیاییەکان لە گەڵ رژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا، بەڵام کارەکانی زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت.

*** ئێستا کاتێکی باشە لەگەڵ کارەساتی کوردانی ئێزیدی دووبارە کەیسی هەڵەبجە هەڵمەتێکی بۆ بکرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەڵەبجە بە ژینۆساید بناسرایە، لەوانەیە شنگال دووبارە نەبوایەتەوە. ئایا تاچەند هەوڵدراوە کەیسی کوردانی ئێزدی لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجە پێکەوە گرێبدرێتەوە؟**

- جینۆسایدی هەڵەبجە و شنگال هاوتەریبی یەکن، هەڵەبجە لە سەدەی بیست و شنگالیش لەسەدەی بیست و یەکدا جینۆساید کراون، بەڵام هێشتا لە ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆساید نەناسراون، کە هەردووکیان ناسنامەی گەلێکی ستەمدیدەن کە بەهۆی نەبوونی کیانی سەربەخۆ و دەوڵەتەوە ئەم تاوانانەی دەرهەق کراوە. دەکرێت بکرێتە سمبولێک بۆ ئەوەی وەک هۆلۆکۆستی جولەکە دەوڵەتی سەربەخۆی پێڕابگەیەندرێت، گرنگە بۆ ناساندنی هەردوو کەیسەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و داندپێدانانی جینۆساید لە هەردوو کەیسەکە کاری هەمەلایەن بکرێت. جینۆسایدی هەڵەبجە و شنگال ئەومان پێ دەڵین کە ئیمە هێشتا دڵنیاییمان وەرنەگرتوە لەوەی کە جارێکی دیکە نەوەکانی ئایندەمان لە ژێر ناوی جیا و پاساوی جۆراوجۆردا جینۆساید نەکرێنەوە.

*** بۆ باشتر کردنی رەوشی قوربانییان و برینداربووانی بەرکەوتەی کیمیاباران چ پێشنیارێکتان هەیە؟**

- پێشنیار دەکەین کلینێکی پزیشکی بە بێ بەرامبەر لە هەڵەبجە دابنرێ و سەرجەم پسپۆڕییەکانی لە نەخۆشییەکان تێدابیت، بۆ ئەوەی ژنانی بریندار بتوانن بەئاسانی چارەسەر وەربگرن. چونکە بەپێی راپرسیەکان ژنان لە خزمەتگوزراییە تەندروستییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە رەزامەند نین. لە لایەکی دیکەوە هەتا ئێستا لە هەندێ ناوچەی هەڵەبجەدا بۆمبی کیمیایی نەتەقێنراوە بوونی هەیە، بە جۆرێک لە هەندێ شوێندا سەڕەرای بوونی ئەو بۆمبانە ئێستا بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان و مەترسی زیانگەیاندنی تەندروستی لێدەکرێت، پێویستە لایەنی پێوەندیدار بە پەلە کار بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە بکات. هەروەها زۆرێک لە بریندارەکان سکاڵایان هەیە لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ وڵاتی ئێران بۆ وەرگرتنی چارەسەر، سەڕەرای ئەوەی کە ماوەی دوور و درێژ دەبڕن بە سواری ئۆتۆمبێل، لە میکانیزمی چارەسەرکردنەکانیان رازی نین و دووچاری مامەڵەی



**گەڕانەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و دڵەڕاوکێ و حەسرەتی ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان ون بوون، بەردەوام پەیامی نەرێنی دەدەنە هەڵەبجەییەکان و کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەمەوە هاتنی قوربانییان و برینداەرکان بارگرانی زۆری لە رووی دەروونییەوە لەسەر ئەو شارە بەجێهیشتووە**

**تا ئێستا تەنیا یەک توێژینەوەی زانستیی دانپێدانراو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن زانکۆی لیڤەرپول و لەلایەن ژنە پرۆفیسۆری بۆماوەزانی کریستین گویسدین ئەنجام دراوە، ئەمەش ئەرکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و پسپۆڕانی ئەو بوارەیە کە توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن و چاوەڕوانی زانکۆ بیانییەکان نەبین**

ناتەندروست دەبنەوە، بەتایبەتی ژنان لە کاتی مانەوەیان لە وڵاتی ئیران تووشی کۆمەڵێک گرفت دەبنەوە، بۆیە پێشنیاردەکەین بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو سکاڵایانەی کە نەخۆشەکانی بریندارى کیمیایی دەیکەن.

*** ئایا تاچەند دەرهاویشتەی ئەم چەکە کیماوییە لەسەر ئەو منداڵانە دەرکەوتووە کە دایکیان، یان باوکیان بەر ئەو چەکە کەوتوون و تاچەند ئاسەواری لە سەر نەوەکانی داهاتوو دەمێنێت؟**

- بەپێی ئەو توێژینەوە زانستییانەی کە لە سەر بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە جەنگی یەکەمی جیهان و سەربازە بریندارببووەکانی جەنگی ئێران –عێراق کراوە، کاریگەری لەسەر نەوەکانی ئەو بەرکەوتووانە هەبووە، ئەوەش بەپێی وەرگرتنی دۆزی چەکەکان دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی ئەگەری زۆری هەیە کە ئەو چەکانە کاریگەری نەرێنی لەسەر وەچەخستنەوە هەبێت. زۆرێک لە زاناکان گازی خەردەل بە گازی تەقینەوەی جینی بۆ نەوەکانی ئایندە ناوە دەبەن، چونکە دەبێتە هۆی ڕوودانی بازدانی خانەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی منداڵی پشێوییە زگماکییەکان و گرفتی گەورە دروست دەکات.

***وەک توێژەرێکی کیمیاباران ئەمساڵ چۆن یادی ئەو کارەساتە دەکەیتەوە؟**

- بە هاوکاری ڕێکخراوی هونەری نێودەوڵەتی سوید و ڕەوەندی کورد و ڕێکخەرانی مەراسیمی یادی هەڵەبجە لە شاری یوتوبۆری سوید، یادی ٢٨ ساڵەی کیمیابارنی هەڵەبجە دەکرێتەوە، منیش بانگهێشت کراوم و بە خستنەڕووی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری ئەو چەکانە لەسەر ژنانی بەرکەوتە لە رووی کومەڵایەتی و جەستەیی و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەو چەکانە بەشداری دەکەم. هەروەها پێشنیارەکانی چارەسەرکردنی برینداەرکانی هەڵەبجە بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لەم دۆخەی ئێستا کە قەیرانی ئابوورییە دەخەمەڕوو.

*** با دواپرسیارمان ئەوە بێت، وەک دەزانن یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ـە و ئایا چ خوێندنەوەیەکت بۆ رۆڵی ئافرەتی کورد لەو بوارەدا هەیە؟**

- ئافرەت لە مێژووی شوڕش و ڕاپەرینە ئازادیخوازەکانی جیهاندا رۆڵی بەرچاوی هەبووە و بە داینەمۆی شۆڕشە ئازادیخوازەکان ناسراوە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەرجەم ڕاپەڕینەکانی کوردستانیشدا بخشێنینەوە، دەبینین ژنان و کچان رۆڵی زۆر گەورەیان بینیوە لە هەموو شۆڕشە یەک لە دوا یەکەکانیش قوربانی زۆریان داوە. بۆ نموونە لە شاڵاوەکانی ئەنفالی گەرمیان و بارزان زۆرترین قوربانییەکانی ژن و منداڵان بوون، لە ڕاپەڕینی ئازادکردنی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ و دواتر هێرشکردنە سەر ئەو شارە بە چەکی کیمایی لە لایەن رژێمی بەعس لەو سەردەمدا، شەهیدبوونی



**پشکی گەورە لە نەهامەتییەکانی چەکە کیمیاییەکان لەسەر دانیشتووانی هەڵەبجە بەر ژنان کەوتووە، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو بریندارانە باری ئابوورییان لاوازە و خاوەن داهاتی خۆیان نین، بەردەوام ڕۆژانە بڕێکی زۆر لە دەرمان و چارەسەر وەردەگرن، زۆرێک لە دەرمانەکانیش لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکڕن**

**بە پێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان نزیکەی ٢.٩٪ی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان بەر چەکە کیمیاییەکان کەوتوون**

**هەندێک لە ژنە برینداربووەکان لەبەر شەرمکردن لە لیژنەکانی پزیشکی بەتایبەتی ئەو لیژنانەی کە ڕەگەزی مێی تێدا نییە، جەستەی خۆیان نیشان نادەن بۆ دەرخستنی ئاسەواری بریندابوونەکەیان، بۆیە گرنگە لە کاتی دانانی لیژنەکان ڕەچاوی دانانی ڕەگەزی مێ بکرێت، چونکە کۆنتاکتی ئاسان و زۆرترە لە گەڵ برینداربووانی ژن**

هەزران هاووڵاتی سڤیلی لێکەوتەوە کە بەپێی ئامارەکان زۆرترین قوربانی لەو شارەدا بە هەمان شێوە ژنان و منداڵان بوون. هەروەها بە هۆی ئەو سیاستەی بەعس پێش ڕاپەڕین لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکرد بەرامبەر بە خانەوادەی ئەوانەی کە کەسوکاریان پێشمەرگەی شاخ بوون، وەک زیندانیکردنی دایک و هاوسەر و خوشکانیان و دواتر ئەشکەنجەدانیان، هێمای ئەوەن کە ژنان باجی زۆر گەورەیان داوە. ئەمە جگە لەوەی ژنانی زۆر هەبوون کە لە شارەکانی کوردستان لە ئەرکەکانی ڕێکخستنی شۆڕشەکان بەشداربوون، کە دیارترینیان شەهید(لەیلا زانا)یە.

زۆرێک لە ژنانی کوردستان لەسەردەمی خەباتی شاخدا ڕۆڵیان هەبووە لە ناردنی جبەخانەی سەربازی بۆ پێشمەرگەکان و چەندەها سیناریۆیان دروست کردووە بۆ ئەوەی بیگەیەننە دەستیان، هەندێکیان چەندەها کیلۆمەتریان بە پێ بڕیوە، یان وەک هۆیەکی پێوەندی کاریان کردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکان لە ڕێکخستنەکانی ناو پارێزگاکانی کوردستان بۆ ناوەندەکانی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو ژنانەش کە لە خەباتی شاخدا بەشدارییان کردووە، ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە هاوکاریکردنی برا پێشمەرگەکان، لە هەمان کاتدا لە ناو سەختیی چیاکاندا ژیانیان بەسەر بردووە و تا ئێستاش سەرگوزشتەی خۆیان دەگێڕنەوە کە چۆن لەو دژوارییەدا منداڵیان بووە و پەروەردەیان کردووە. دواتریش لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان کە ژنان بە هاندەری بەشداریکردن لە ڕاپەڕیندا ناسرابوو، خۆشیان زۆر بە چاونەترسی شان بە شانی پیاوان لە هەڵمەتەکانی ڕزگاریکردنی شارەکانی هەریمی کوردستان بەشدارییان کرد، بەڵام بەداخەوە لە سەر زەمینەی واقیعی ئەمڕومان دەبینین ژنان لە هەموو کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر پەراوێز خراون. ڕاستە لە کایەی سیاسیدا چەند هەنگاوێکیان ناوە، بەڵام ئافرەتان بە شێوەیکی گشتی لە ناوەندی بڕیاردان بەتایبەتی بۆ دۆزە هەستیارەکان دوور خراونەتەوە، لە کاتێکدا سرووشتیان هەردەم هەڵگری پەیامی ئاشتی بووە، بەڵام ناوەندی دەسەڵاتی کوردی دەرفەتی نەداوە پڕبەپری خۆی ئەو پەیامە بگەیەنن. هەروەها ئەو دۆخەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، بەتایبەتی ئەو ململانێیە ئاڵۆزەی سیاسییەکان بە هۆی نەبوونی ئەو پەیامە ئاشتیخوازییەی ئافرەت و غیابی ژنانە کە گوێ لە بیروڕاکانیان ناگیرێت، چونکە ژنان زۆر باشتر دەزانن باجی شەڕەکان و جەنگەکان چەندە قورس لە سەریان دەکەوێت. بەگشتی دەکرێ بڵێین: ژنان بەرهەمی زۆر کەمیان دوورییەوە لە ڕاپەڕین، و وەک سەردەمی دەرەبەگایەتی بەرهەمەکانی هەر بۆ پیاوان بوون و ئەوان بوونە خاوەنی دەسەڵات، ئەمەش وەک شۆڕشی ئەمەریکا بوو، کە تەنیا بۆ ڕزگارکردنی پیاوان بوو لە کۆیلایەتی و گرتنەبەری دەسەڵاتێکی ڕەها بە بێ ئەوەی ژنی تێدا بەشدار بکەن.